ئەنجوومەنی رووناکبیرانی کوردستان
Kurdish Intellectual Assembly
erk.kia@hotmail.com

# بەیاننامە

## حکومەتی عێراق رێگە نادات کێشەی پەنابەرانی ئێرانی چارەسەر بکرێت،

## کێشەی «ئاو» وەك نمونە !

ماوەی (٥)مانگە نزیك بە (٢٠٠٠) دانیشتووی کامپی ئەشرەف گواستراونەتەوە بۆ کامپی «الحوریە» لە تەنیشت فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بەمەبەستی گواستنەوەیان بۆ وڵاتانی سێهەم. کەچی تاکو ئێستا نەك تەنها کەسیان نەگواستراونەتەوە بەڵکو بەهۆی پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بە رێککەوتننامەکان و پاسیڤبوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خۆدزینەوەی حکومەتی ئەمریکا لە ئەرکی پاراستنی گیانی ئەم پەنابەرانە باری ژیانیان ناتەواوە و بە پێی مەعلوماتی باوەڕپێکراو، لە رەوشێکی زۆر سەختدا ئەژین.

ئەلحورییە نەك تەنها هاوشێوەی کامپی ئەشرەف ئابڵۆقەدراوە بەڵکو بریتییە لە شوێنێکی بچووکی بێ ئاو و کارەبا و دارو درەخت. زۆر بە زەحمەت ئاوی بە بەتانکەر و کارەبای بە مولیدە دابین دەکرێت و تەنانەت حکومەت رێگە نادات بە دانیشتووان کە خۆیان لەسەر خەرجی خۆیان ئاو و کارەبای ئەلحورییە ببەستنەوە بە تۆڕی شارەکەوە. ئەوەو زۆرێك گوشاری دی مەبەستی سیاسیی لە پشتە.

حکومەتی عێراق رێگە نادات کێشەی ئەم پەنابەرانە لە عێراق ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و بە شێوازی جیاجیا بەردەوامە لە ئەزیەت و ئازاردانیان و ئەوەش گوزارشت لە سیاسەتی حکومەتی عێراق دەکات بۆ لەناوبردنی ئەم پەنابەرانە یان خۆبەدەستەوەدانیان بۆ تەسلیمکردنەوەیان بە رژێمی ئێران.

ئەگەر حکومەتی عێراق خوازیاری دوورخستنەوەیانە لە عێراق، چارەسەری هەرە بێ کێشە ئەوە بوو کە هەموو ئاسانکارییەك بکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە ئەلحورییە وەك حکومەت خوی بە «شوێنێکی کاتی» ناوی دەبات. لە کاتێکدا بە وتەی زۆرێك رێکخراوی جیهانی و کەسایەتی ناودار و پەرلەمانتارانی وڵاتانی جیهان و هەروەها داوو دەزگاکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان «ئەلحورییە» زیندانە نەك شوێنی ژیان.

ئێمەی رووناکبیرانی کوردستان داوا لە هەموو لایەك و بە تایبەت سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز بان کی مۆن دەکەین گوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی رێگر نەبێت بەرانبەر بە دابینکردنی داواکارییە مرۆییەکانیان و یەك لەوان چارەسەری کێشەی ئاو.

ئەنجومەنی رووناکبیرانی کوردستان

هەرێمی کوردستان- هەولێر

٢٠١٢/٨/٠٤